Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ((پرەنسیپی ئایزنهاوەر(١٩٥٧),كاریگەری لەسەر وڵاتانی عەرەب و هەڵویستی یەكێتی سۆڤیەت بەرامبەری)) توێژینەوەیەكی مێژووی سیاسیە

**هەرێم حسن احمد**

بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: haremranya58@uor.edu.krd

**ڕێبوار خالد مصطفی**

بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: krebwar@uor.edu.krd

**ابراهیم علی سلیم**

بەشی مێژوو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: ibrahimali@uor.edu.krd

**پوختە:**

پاش كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، لە ئاكامی كشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا و فەرەنسا لە بەشێک لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆشاییەک لە ناوچەكەدا دروست بوو كە ترسێكی لای دەوڵەتانی ڕۆژاوا بە تایبەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دروست كرد، كە كوتلەی ڕۆژهەڵات بە تایبەت سۆڤیەت هەوڵی پڕكردنەوەی ئەم بۆشاییە بدات و بیرۆكەی چەپی و كۆمۆنیزم لە ناوچەكەدا پەرە پێبدات، لەبەر ئەمە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەوڵەكانی خستەگەڕ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕێگیركردنی بیری كۆمۆنیزم و تەشەنەكردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

بۆ ئەمەش سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمەریکا، هاری ترومان لە ساڵی (1945) سیاسەتی نوێی وڵاتەکەی لە چوارچێوەی پرۆژەی ترومان بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاگەیاند. لە دوای هاری ترومان ئایزنهاوەر لە ساڵی (1953) وەک سەرۆک کۆماری نوێ دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتەدەست، بەهەمانشێوە بۆ بەرنگار بوونەوەی سیاسەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت و پەرەسەندنی بیری کۆمۆنیزم لە ناوچەکەدا، سیاسەتی نوێی وڵاتەکەی لە چوار چێوەی پرۆژەی ئایزنهاوەر لە کۆنگرێسی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند، کەدواتر ناسرا بە پرەنسیپی ئایزنهاوەر، کە خۆی لە چەند خاڵێک دا دەبینییەوە و تیایدا جەخت لەسەر هاوکاریکردنی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەنی ئابووریی و سەربازی و ڕێگیرکردن لە بڵاوبوونەوەی بیری شیوعیەت کردبۆوە.

پرەنسیپی ئایزنهاوەر کاردانەوەی جۆراوجۆری لەلایەن سۆڤیەت دەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەت دەوڵەتانی عەرەبی بەدوای خۆیدا هێنا. بەشێک لەم دەوڵەتانە هەر لە سەرەتاوە پرەنسیپەکەیان پەسند کرد، بەشێکیان دژایەتیان کرد، هەرچی یەکێتی سۆڤیەتیش بوو لە ناوخۆ و دەروەدا دژایەتی ئەم پرەنسیپەی کرد و بە شێوازێکی تازەی داگیرکاری دەوڵەتانی ڕۆژئاوای لەقەڵەمدا، لە ڕێگەی دیپلۆماسیەوە توانی چەند دەوڵەتێکی ناوچەکە ڕازی بکات و دژی ئەم پرەنسیپانە بوەستنەوە، لە ئاکامی ئەم دابەشکاریە سیاسیە لە ناوچەکە، چەند هاوپەیمانەتیەکی سیاسی و سەربازی لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا دروست بوو، بیری ناسری و بیری قەومی عەرەبی لەم ماوەیەدا سەری هەڵدا. ئەم بیرۆکەیە هەرچەند زیاتر لە لایەن کوتلەی ڕۆژهەڵات مەخاسمە سۆڤیەتەکانەوە پشتیوانی دەکرا، بەڵام تا ڕادەیەکیش بوو بە هۆی لاواز بوونی بیری شوعیەت و نزیک بوو لەوەی بەریەککەوتن دروست ببێت لە نێوان لایەنگرانی بیری شیوعیەت و کۆمۆنیزم و لایەنگرانی بیری ناسری و بیری قەومی عەرەبی. ئەمەش جگە لەزیان و سەرهەڵدانی کودەتا بۆگۆڕینی دەسەڵات و ڕژێمی بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە لەپاڵ مانەوەی چەند دەسەڵات دارێکی عەرەبی لە فەرمانڕەوایەتی دا بۆ ماوەیەکی زۆر هیچی تری لێ بەرهەم نەهات.

**کلیلە وشە:** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایزنهاوەر، وولاتە عەرەبیەکان، هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# پێشەكی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی, یەكێكە لەو ناوچانەی كە كێشەی سیاسی و ئابووری و ململانێی نێودەوڵەتی, كێشەیەكی سەرەكی پێك دەهێنن و تا ئێستا چارەسەرێكی بنەڕەتیان بۆ نەدۆزراراوەتەوە.

لێكۆڵینەوە لە ژیانی سیاسی و پەیوەندیە دیپلۆماسیەكانی دەوڵەتانی عەرەبی و كێشەكانی ناوچەكە و ململانێی كوتلەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی، چۆنیەتی جێ بە جێ كردنی پرەنسیپی ئایزنهاوەر و تێڕوانینی سۆڤیەت بەرامبەری **گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە** دەردەخات.

**هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:** دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەری پرەنسیپی ئایزنهاوەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێكەوتەكانی لەسەر سیاسەتی جیهانی بە گشتی و دەوڵەتانی عەرەبی بە تایبەتی كە پاش چەندین ساڵ لە دەركردنی ئەم پرەنسیپە، كاریگەری و لێكەوتەكانی لەسەر ئەم دەوڵەتانە بەردەوام بوو.

**ئامانجی توێژینەوەكەش** ئەوەیە، كە وێڕای هەڵوەستەكردن لەسەر گرنگی پرەنسیپی ئایزنهاوەر لە مێژووی هاوچەرخی ناوچەكەدا، دەیەوێ لێكدانەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و سەربازی ماوەی كاركردنی ئەم پرەنسیپە، و ئەو لێكەوتانە بكات، كە وڵاتانی عەرەبی لەم ماوەیەدا بەخۆیانەوە بینیوە، بۆ ئەومەبەستەش لەمیانەیدا تیشك خراوەتەسەر هۆكار و ئامانجەكانی ڕاگەیاندی پرەنسیپیەكە و ئەو ڕێگا و شێوازانەی بۆ جێ بە جێكردنی ئەم پرەنسیپە ئەنجام دراون، هەڵوەستەشی لەسەر كاردانەوەكانی یەكێتی سۆڤیەت و ئەو لێكەوت و كاریگەریانە كردووە كە لەسەر بارودۆخی سیاسی و سەربازی ناوچەكە هەیبووە. .

لەم توێژینەوەیەدا، سەرەڕای گرفتی بێلایەن نەبوونی سەرچاوەكان و نا ڕوونی لە بەشێكیان، هەوڵدراوە بە میتۆدی هەمەجۆری گونجاو لەگەڵ بابەتەكە و بە پەنابردن بۆ وەرگرتنی تێكست و ڕووداوە مێژووییەكان وەك بنەمایەكی مێژوویی زانستی بۆ تێگەیشتنی وردتر لە بابەتەكە، بە پێی توانست كاریگەریی ئەو تێكست و ڕووداوانەش لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی شیكار و ڕاڤەبكرێن.

پێكهاتەی توێژینەوەكەش، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ناونیشانەی دیاریكراوە، جگە لە پێشەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پوختەیەك بە زمانەكانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە دەروازەیەك كە تەرخانكراوە بۆ ئاماژەدان بەهەوڵەكانی ئەمەریكا لە پێش پڕۆژەی ئایزنهاوەر، لە دوو باس بەو ناونیشانانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێكراوە پێكهاتووە: باسی یەكەم: پڕۆژەی ئایزنهاوەر. باسی دووەم: كاریگەریەكانی پڕۆژەی ئایزنهاوەر لەسەر وڵاتانی عەرەبی. باسی سێیەم: هەڵویستی یەكێتی سۆڤیەت بەرامبەر پرەنسیپی ئایزنهاوەر.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## دەروازە

ئەمریکا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە توانی بەماوەیەکی کورت جێگای سەرکردایەتی سیاسی نێودەوڵەتی لە جیهاندا داگیر بکات، لە دەوڵەتێکی دورەپەرێزەوە ببێتە دەوڵەتێکی گەورە کە بەرژەوەندی لە تەواوی جیهاندا هەبێ، ئەمەشی بەهۆی گەڵێک هۆکاری زاتی و مەعنەویەوە بۆ ڕەخساوە و هاتۆتەدی.

سیاسەتی ئەمەریکا پێش (ئایزنهاوەر)[1] لەلایەن (هاری ترومان) لە نێوان ساڵانی (1945 – 1953) سەرکردایەتی دەکرا، دەسەڵات گرتنە دەستی هاری ترومان لە کۆتایەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو، توانی بە بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لە دژی یابان ڕۆڵ ببینێ لە کۆتایی هێنانی ئەوجەنگە لە (ئەیلولی 1945) (لاوەند، ٢٠٠٧: ٥٠٣ – ٥٠٧)، لەم ماوەیەدا بەهۆی جەنگی سارد، ناکۆکی و ململانێی نێوان کوتلەی ڕۆژهەڵات بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ کوتلەی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمەریکا دەستی پێکرد، هۆکاری ئەو ناکۆکیەش بۆ جیاوازی سیاسەت و ئایدۆلۆجیا و ستراتیجی ئەو وڵاتانە بۆ جیهان دەگەڕایەوە (ئەحمەد، ٢٠١٢: ١٨١ – ١٨٤).

سۆڤیەت هەوڵی دەدا کە جیهان بکات بە کۆمەنیستی و لەو ڕێگەیەشەوە کۆنترۆڵی جیهان بە تایبەتی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات و ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی دابمەزرێنێ. بەڵام ئەمەریکا دژی ئەو بۆچوون و سیاسەتەی سۆڤیەت بوو، ترسی زۆریان لە بیرۆکەی کۆمەنیستی هەبوو کە سۆڤیەت لەم ڕێگەیەوە دەست بەسەر زۆربەی جیهان دابگرێ (Reeves, 2000, 140 - 142)، ئەمەریکا هەوڵی دا لەڕێگەی چەند هەنگاوێک ڕێگە لە فراوانخوازیەکانی سۆڤیەت و کۆمەنیستەکان بگرێ، بەتایبەتی ئەمەرکا دەیویست وڵاتانی ئەروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[2] هاوپەیمانی بن و لە ناوچەکانی ئەوان بەرژەوەندیەکانی بپارێزێ و چەند بەربەستێک لە بەرامبەر فراوان بوون و بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم دروست بکات. بۆ ئەم مەبەستە چەندین پڕۆژە و هاوپەیمانی لە ناوچەکە و جیهاندا دروستکرد وەک پڕۆژەی ترومان، کە هەوڵی دا لەڕێگەی پشتگیری داراییەوە هاوکاری ئەو وڵاتانە بکات کە ترسی کۆمەنیستیان لەسەرە. هەروەها پڕۆژەی (مارشاڵ) کە جەخت لەسەر پشتگیری و هاوکاری دارایی دەکات بۆ وڵاتانی ئەوروپی، بەتایبەتی ئامانجی ئەو پڕۆژەیە بریتی بوو لە بونیادنانەوەی ئەوروپا و دابینکردنی بازاڕ بۆ ئەمەریکا و ڕێگەگرتن لە کۆمۆنیزم (**عبدالله**، ٢٠١٠: ٥٩ – ٦٠).

پاش ئەم پڕۆژانە ئەمەریکا هەستا بە بەستنی زنجیرەیەک پەیمانی سەربازی لەگەڵ وڵاتان، بەمەبەستی بەستنەوەیان بە ئەمەریکا، ڕێگەگرتن لە بڵاوبونەوەی کۆمۆنیزم و فروانخوازیەکانی سۆڤیەت، هەروەها پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، بە جۆرێک هەردەست درێژیەک لە لایەن سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی بکرێتە سەر هەر یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەندامن لەم هاوپەیمانەتیانە ئەوە دەست درێژی کردنە بۆ سەر ئەمەریکا و

---

[1] ئایزنهاوەر لە شاری دینس لە ولایەتی تەکساس لە (1890) لە دایک بووە، ساڵی (1911) چۆتە ئەکادیمیای سەربازی ئەمەریکا، زۆربەی تەمەنی لە خزمەتی سەربازی و سەرۆکایەتی هاوپەیمانیەتی ناتۆ بەسەر بردووە، توانی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (1953) ببێتە سەرۆک کۆماری ئەمەریکا. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: (Reeves, 2000, 15).

[2] ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زاراوەیەکە بە ناوچەیەکی جوگرافی دەگوترێت کە هەریەکە لە وڵاتی (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، لوبنان، میسر، ئەردەن، فەڵەستین، سودان، قبرس، ... هتد) دەگرێتەوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (**صلواتي**، 2001: 2187).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

وڵاتانی هاوپەیمانی، لە بەرامبەریش دا سۆڤیەت بەهەمان شێوە چەند هاوپەیمانیەکی دامەزراند، ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا هاتنە سەرکاری ئایزنهاوەر و ڕاگەیاندنی پرۆژەکەی (سەبعاوی، ٢٠١٠: ٢٧٣ – ٢٧٤).

## باسی یەکەم: هۆکارەکانی راگەیاندنی پرەنسیپی ئایزنهاوەر

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی جیهان کە وڵاتانی زلهێز زۆر گرنگی و بایەخی پێدەدەن بەتایبەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی ئەو جێگەیەی بە ناوچە و پێگەی خۆی دادەنا، هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ پاراستنی بەرژەوندیەکانی و ڕووبەڕووبونەوەی فراوانخوازیەکانی یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانانی، بۆ ئەو مەبەستەش چەند پرۆژەیەکی لە ناوچەکە جێ بە جێ کرد وەک پرۆژەی ئایزنهاوەر لە ساڵی (1957).

پاش هێرشی سێ قۆڵی وڵاتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسرائیل) ساڵی (1956) بۆ سەر (میسر) و کاریگەری ئەو هێرشە لەسەر گۆڕانکاری و باردۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەک بووە هۆی بەهێزی(جەمال عەبدول ناسر)ی سەرۆکی میسر و زیادبوونی دەسەڵات و پێگەی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکە, کە هەڵدەستا بە پێشکەشکردنی هاوکاری سەربازی و ئابووری بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پشتگیریکردنی جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی ناوچەکە و سەرکردەکانیان(**مقلد، ١٩٨٥: ٤٢٥**)، لەلایەکی تر بووە هۆی بەرزبونەوەی فشار لەسەر وڵاتە عەرەبیەکان، لە پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی (1956) لە دەوڵەتی(ئەردەن) حوکمەتێک هاتە کایەوە, کە هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی هاوپەیمانیەتی (ئەنگلۆ – ئەردەن) و داوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیای دەکرد لەسەر خاکەکەی، لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی شیوعیەکان لە دەوڵەتی (سوریا) لە زیاد بوون دابوو, لەگەڵ ئەوەش هاوکاری سەربازی و ئابووریان لە یەکێتی سۆڤیەت وەردەگرت (**بريسون، ١٩٨٥: ٥٧٩**)، سەرەڕای هەوڵی کەسایەتیە سەربازیەکان کە بیری شوعی و قەومیان هەبوو، ئەمانە هەوڵی گرتنە دەستی دەسەڵات و نەهێشتنی بەرژەوەندی و دەست ڕۆیشتوویی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایان دەدا لە ناوچەکە، کە بونە هۆی دروست بوونی ترس بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی عەرەبی سەر بە ڕۆژئاوا (Laqueur, 1970: 12).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکاری و هەلومەرجە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستی کرد بە هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوەی سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرچەندە لە کێشەی کەناڵی سوەیس پێچەوانەی هاوپەیمانەکانی کاری کرد, بەڵام ڕازی نەبوو کە یەکێتی سۆڤیەت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ئەنجامی پاشەکشەی پێگە و دەسەڵاتی بەریتانیا و فەرەنسا لە ناوچەکە دا دروست ببوو. بەم جۆرە بۆ بە بەرپەرچدانەوەی خزینی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لەناوچەکە، ئەمەریکا هەوڵی دا بەجێ بەجێ کردنی سیاسەتێک کە بگونجێ لەگەڵ ئەو مەترسیانەی کە بەرژەوندیەکانی تووشی دەبێت، لەبەر ئەوە بڕیاریدا بە پێکهێنانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هاوپەیمانیەتیەک لە دەوڵەتانی ناوچەکە کە ئەمەریکا ڕۆڵی هاوکاری دارایی و سەربازی تیایدا ببینێ بە ئامانجی بەرگرتن و نەهێشتنی فراوان خوازی و دەست تێوەردانی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا **(كالرك و أخرون، ٢٠٠١: ٢٧٩)**.

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە (1956) نەخشەی خۆی لەژێر ناوی (بەرقەرارکردنی ئاشتی و گێڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ڕاگەیاند، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی ئەمەریکا (ئایزنهاوەر) لە (5/ كانوونی دووەمی/1957) سیاسەتی تازەی ئەمەریکای بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شێوەی نامەیەک ئاڕاستەی کۆنگرێسی ئەمەریکی کرد، بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنجامی پاشەکشەی بەریتانیا و فەرەنسا دروست ببوو پێش ئەوەی ئەو ناوچەیە بکەوێتە ژێر هەڕەشە و هێرشی یەکێتی سۆڤیەت **(ایزنهاور،** 1965: 87).

پرۆژەی ئایزنهاوەر لەم چەند خاڵانەی خوارەوە پێک دەهات:

1 – بەکارهێنانی هێز لەلایەن ئەمەریکا بۆ پارێزگاری کردن لەئاشتی ناوچەکە و سەربەخۆ بوونی سیاسی بۆ نەتەوەکان.

2 – هاوکاری سەربازی ئەمەریکا بۆ هەر وڵاتێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەر وڵاتەکە داوای بکات.

3 – ئەمەریکا هاوکاری ئابووری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات بۆ گەشەکردنی ژێرخانی ئابووریان **(النعیمي،** 1970: 247).

هەرچەندە لە ناو کۆنگرێس دا ئاڕاستەی جیاواز هەبوو لەسەر ئەم پرۆژەیە بەڵام کۆنگرێسی ئەمەریکی و ئەنجومەنی پیران لە (9 / ئازار /1957) بە پێشنیارەکانی ئایزنهاوەر ڕازی بوو وە سەرپشک کرا بە ناردنی هێز بۆ پارێزگاری کردن لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی وڵاتێک یان یەکێتی سۆڤیەت دەبنەوە، لە کاتێکدا کە هەڕەشەی سەربازی نەبوو سەرۆکی ئەمەریکا مافی هەیە کە هاوکاری ئابووری و سەربازی ئەو دەوڵەتانە بکات کە پێویستیان پێیەتی بۆ مسۆگەر کردنی لایەنی بەرگریان **(البیضائي،** 2003: 19).

داڕێژەرانی ئەو ستراتیجە بڕوایان وابوو کە هەڕەشەکانی سۆڤیەت بۆ ئەم ناوچەیە بە دوو شێوە دەبێت: یەکەم: بەشێوەی ڕاستەوخۆ و هێرشی سەربازی کە پێویستە لەسەر ئەمەریکا بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی ببێتەوە.

دووەم: بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کە لە ڕێگە هێزە ناوخۆییەکان و جەمال عەبدول ناسر جێ بە جێی بکات **(زور غبیب،** 1978: 19 – 20).

لەبەرئەوە پێویستە ئەمەریکا لەڕوی سەربازیەوە یارمەتی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بدات لە ناوچەکە, بۆ وەڵام دانەوەی هەر هێرشێکی دەرەکی یان هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی ناوخۆیی، بۆیە کۆنگرێسی ئەمەریکی سەرۆکی وڵاتەکەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

دەست واڵاکرد لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ یارمەتی دانی هەر وڵاتێک کە توشی هێرشی سەربازی دەبێتەوە لە لایەن شوعیەتی نێودەوڵەتی لەگەڵ پێشکەش کردنی تێکڕای هاوکاری و ئاسانکاری بۆ هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پارێزگاریکردن لە ئارامی ناوچەکە، سەرباری پیشکەشکردنی هاوکاری ئابووری بۆ پاڵپشتی و جێگیری حکومەتەکانی سەر بە ڕۆژئاوا و پەشیمان کردنەوەیان لە هاوکاری و قبوڵکردنی سۆڤیەت و بوارنەدان بە یەکێتی سۆڤیەت بۆ قۆستنەوەی خراپی باری ئابووری و بڵاوکردنەوەی بیری شوعیەت لە ناوچەکە (**الكمكي**، 1986: 222 – 223)، بۆ ئەو مەبەستە ئایزنهاوەر داوای لەکۆنگریس کرد مافی دابەشکردنی هاوکاریە ئابوورییەکان کە نزیکەی (200) ملیۆن دۆلار بوو پێبدرێت, بۆ هاوکاریکردنی لایەنی سەربازی و ئابووری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ببێتە بەربەست بۆ مەترسیەکانی سۆڤیەت (**رديف طالب**، 2011: 252).

دەرئەنجامی ئەوە سەرۆکی ئەمەریکا ئایزنهاوەر لە ساڵی (1957) نێردەی تایبەتی خۆی (جیمس ریشاردز) سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە و یاریدەدەری سەرۆکی ئەمەریکا لە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ شاندێکدا نارد بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕازیکردنی سەرکردەی دەوڵەتانی ناوچەکە بە پشتگیریکردنی بۆچونەکانی ئایزنهاوەر (**منصور**، 1996: 222).

لەئاکامی ڕاگەیاندنی پڕۆژەی ئایزنهاوەر هەڵوێستی دەوڵەتان جۆراوجۆر بوو، یەکێتی سۆڤیەت و میسر و سوریا ئەو پڕۆژەیان ڕەتکردەوە بەدژی خۆیان دادەنا، سەرباری هەوڵەکانیان بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پڕۆژەیە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە (**مقلد**، 1986: 149)، شانشینی عەرەبی سعودیە و ئەردەن پڕۆژەکەیان لە سەرەتادا ڕەتکردەوە، بەڵام دواتر بەهۆی چەند هۆکارێک پڕۆژەکەیان پەسندکرد، هەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق و لوبنان و ئیسرائیل ڕەزامەندی خۆیان بۆ پڕۆژەکە نیشاندا (**منصور**، 1996: 224).

پڕۆژەی ئایزەنهاوەر لە دوای کێشەی کەناڵی سوێس بە پڕۆژەیەکی گرنگ دادەنرێت لە درووست بوونی گۆڕانکاری ستراتیجی و سیاسەتی ئەمەریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جێ بەجێ کردنی بووە هۆی زیاتر قوڵبوونەوەی ناکۆیەکان و پەرەپێدانی زیاتری دوو جەمسەر گیری، چونکە ناوچەکەی خستە ناو بازنەی سیاسەتی ئەمەریکا، لە ئەنجامی ئەمەدا پابەند بوونی ئەمەریکا لە بەرامبەر هاوپەیمانانی زیاتر بوو، ئەگەر لە سەرەتادا چڕبووبێتەوە لە سەر هاوکاری لایەنی ئابووری، ئەوە لەپاڵ ئەمەدا لایەنی ئامادەکاری و هاوکاری سەربازیشی هاتە پاڵ، ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوندی و پێگەی ئەمەریکا و بەرپەرچدانەوەی سیاسەت و فراوانخوازیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو، بەجۆرێک خراپ بوونی ئاسایشی ناوچەکە بەخراپ بوونی ئاسایش و هێرشکردنە سەر ئەمەریکا لە قەڵەم دەدرا لە کاتێکدا ئەوماوەیە سەردەمی جەنگی سارد و دابەش بوونی دەوڵەتان بوو بەسەر کوتلەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## باسی دووەم: کاریگەریەکانی پڕۆژەی ئایزنهاوەر لەسەر وڵاتانی عەرەب

پاش ڕوخاندنی ڕژێمی پادشایەتی و ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری لە میسر لە ساڵی (1952)، هاتنە سەرکاری جەمال عەبدول ناسر وەک سەرۆک کۆمار، لە ساڵی (1956)، دەستیکرد بە خۆماڵیکردنی نۆکەندی سوێس و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەم هەنگاوەش بووە مەترسی بۆ بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕایانگەیاند کە هەنگاوەکانی سەرۆکی میسر هەڕەشەن بۆسەر جیهان، لەبەرئەوە بڕیاری وەشاندنی گورزی سەربازیان لە میسردا (حسين العدول و أخرون، 1986: 375 – 387)، بەڵام ئەمەریکا ترسی لەوکارەی بەریتانیا و فەرەنسا هەبوو، چونکە بە نۆکەندی سوێس دا ڕێژەیەکی زۆر نەوت هەناردەی ڕۆژئاوا دەکرا، لەگەڵ ئەمەش بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەشەی دەکرد و شۆڕشی عەرەبی بەسەرۆکایەتی جەمال عەبدول ناسر لە دژی ئەم وڵاتانە دروست دەبوو (ذيب مليحة، 2012: 128)

سەرئەنجام هێرشی دەوڵەتانی (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل) لە ساڵی (1956) بە هێرش کردنیان بۆسەر ناوچەی (سینا) لە میسر دەستی پێکرد، لەبەرامبەردا سۆڤیەت ڕایگەیان ئەگەر بەریتانیا و فەرەنسا هێرش ڕانەگرن ئەوە هێزی سەربازیان لە دژ بەکاردەهێنێت و هێرشی مووشەکی دەکاتە سەر لەندەن و پاریس و تەلئەبیب. لەوکاتەدا ئەمەریکا واسەیری ئەوکارەی دەکرد کە دەبێتە هۆی ناردنی هێزی سەربازی سۆڤیەت بۆ ناوچەکە، بەمەش نزیک بوونەوەی زیاتر لە نێوان سۆڤیەت و دەوڵەتانی ناوچەکە ڕوودەدات و شوێنی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە دەگرێتەوە، کە ئەمانەش بە شکست بۆ ڕۆژئاوا دادەنرا لە کاتی شەڕی سارد و کارەساتی گەورەی بەدواوە دەبێت، لەبەر ئەمە ئەمەریکا دژی ئەم هێرشە بوو بەباشی زانی کە ئەو کێشەیە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. لە ئەنجام دا دەوڵەتە هێرش کەرەکان لەساڵی (1956) بڕیاری کشانەوەیاندا لەو جەنگە دا ( Olson, 2016:50).

پاش کشانەوەی ئەو سێ هێزە و پشتگیری سۆڤیەت بۆ میسر، بوە هۆی دەرکەوتنی ناوبانگی جەمال عەبدول ناسر و بە هێزبوونی بیری نەتەوەیی عەرەبی، دژایەتیکردنی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا و دروست بوونی بۆشاییەک لە ناوچەکە، لەگەڵ ئەمەشدا لە سەرەتای ساڵی (1957) ئایزنهاوەر دوو ڕاپۆرتی هەواڵگری لە لایەن (ئالان دالاس) سەرۆکی دەزگای هەواڵگیری ناوەندنی ئەمەریکا بەدەست گەیشت، لەم ڕاپۆرتانەدا خوێندنەوە و شیکاری تەواو بۆ دواین پێشهاتەکانی ناوچەکە کرابوو بەتایبەتی ئەو مەترسیانەی لە پاش کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لە ناوچەکە دروست ببوو وەک بەهێزبونی کەسایەتی جەمال عەبدول ناسر و پێگە و دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت و ڕوودانی کودەتای سەربازی لە سوریا و بەهێزبوونی شوعیەکان لەم وڵاتەدا، ئەم مەترسیانە وای لە ئەمەریکا کرد دەست بکات بەجێ بەجێ کردنی سیاسەتی تازە لە ناوچەکە بیر لە پڕکرنەوەی ئەو بۆشاییە بکاتەوە کە دروست بووە و سەرکردایەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە وەربگرێت و هەنگاو بنێت بۆ گەمارۆدانی جیهانی شوعیەت و گەیاندنی هاوکاری ئەمەریکی بۆ ناوچەکە (الضيفي، 2011: 132 – 133).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەبەر ئەمە ئەمریکا بڕیاری دا دەست لە کاروباری ناوچەکە وەربدات و پاریزگاری لە پێگەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بخاتە سەرشانی خۆی، بۆ ئەو مەبەستەش نەخشەیەکی لەژێر ناوی (بەرقەرارکردنی ئاشتی و گێڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ڕاگەیاند و سەرۆکی ئەمەریکا ئایزنهاوەر لە (5 / کانوونی دووەم / 1957) سیاسەتی تازەی ئەمەریکای بەرامبەر بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەشێوەی نامەیەک ئاڕاستەی کۆنگرێسی ئەمەریکی کرد بە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەلایەن ئەمەریکا ( Smith, 1971:24)، سەربارى ئەوەش شاندێکی بۆ ناوچەکە نارد بەمەبەستی ڕازیکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە بە پڕۆژەی ئایزنهاوەر، حکومەتی میسر ڕایگەیاند کە دژی پڕۆژەکە و بوونی هێزی ئەمەریکان لە ناوچەکە، نایانەوێت ناوچەی عەرەبی ببێتە ناوچەیەکی دەستڕۆیشتوو بۆ هیچ هێزێکی دەرەکی چونکە باوەڕی وابوو کەیەکێتی نەتەوەی عەرەبی لە توانایان دا هەیە ئەو بۆشایە پڕبکەنەوە، لە ئەنجامی ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی ئایزنهاوەر لە لایەن میسر، بووە هۆی تێکچونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و بڕینی هاوکاری و کۆمەکەکانی ئەمەریکا بۆ حکومەتی میسر، ئەمەش بووە هۆی نزیک بوونەوەی سۆڤیەت و میسر و هاوکاریکردنی لە لایەنی دارایی و سەربازی (**منصور**، 1996: 224 – 226).

لەلایەکی تر بەهۆی باشی پەیوەندی میسر و ئەردەن و کاریگەریەکانی بیری نەتەوەیی عەرەبی، (پادشا حسین) پادشای ئەردەن لە ساڵی (1956) هەستا بە دەرکردنی جەنەڕاڵ (جلوب پاشا) کە ئەفسەرێکی بەریتانی بوو لە پۆستەکەی وەک ڕاوێژکاری حکومەت و سەرۆکی گشتی سوپای ئەردن، سەرباری پچڕاندنی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ بەریتانیا، هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی ئەنگلۆ – ئەردەنی، وە داوای کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیای کرد لە ئەردەن (**بريسون**، 1985: 579 – 580)، وە حکومەتێکی بەسەرۆکایەتی (سلێمان نابلس)[1]، لە نەتەوەخوازەکان دروست کرد، ئەو حکومەتە هەستا دەربڕینی ناڕەزایەتی بۆ پڕۆژەکەی ئایزنهاوەر و بەستنی پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی شوعیەکان و ڕێگەدانیان بە ئەنجامدانی چالاکی سیاسی، بەڵام بەهۆی فشارەکانی ئەمەریکا و بەهێزبوونی قەومیەکان لە ئەردەن و ئاشکرا بوونی هەوڵێک لەلایەن دەوڵەتانی میسر و سوریا بۆ ڕوخاندنی حکومەتەکەی، ترسی لەلای مەلیک حسین دروست کرد کە ئەم کارانە ببێتە هۆی لە دەست دانی پێگەکەی (**نعمان الدوري**، 2003: 63).

پادشا حسین لە ساڵی (1957) حکومەتەکەی سلێمان نابلسی هەڵوەشاندەوە و حکومەتێکی تر بە سەرۆکایەتی (حسین خالدی) پێکهێنا و بڕیاری دا کە پڕۆژەی ئایزنهاوەر قبوڵ بکات، بە گوڕینی هەڵوێستی پادشا حسین دژایەتی میسر و سوریا بۆ ئەردەن دەرکەوت و هەوڵیاندا لە ڕێگەی چەند ئەفسەرێکی سوپا لە ناوخۆیی ئەردەن کۆتایی بەدەسەڵاتی پادشا حسین بهێنن (**راشيل**، 1997: 173 – 174)، بەڵام ئەمەریکا ڕایگەیاند دژی هەر دەست تێوەردانێکە لەکاروباری ناوخۆی ئەردەن، سەربەخۆیی و ئاسایشی خاکەکەی بڕیارێکی سەرەکیە و لە بەرژەوەندی ئەمەریکا و ئاسایشی جیهاندایە، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری دا بەجوڵە پێکردنی کەشتی گەلی شەشەم و هاوکاری کردنی ئەردەن

[1] کەسایەتیەکی سیاسی ئەردەنیە لە ساڵی (١٩١٠) لە شاری (سلط) لە ئەردەن لە دایک بووە، زانکۆی ئەمەریکی لەبەیروت تەواو کردووە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (**الكيالي**، 1974: 316).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەڕوی داراییەوە بە بڕی ناردنی (10) ملیۆن دۆلار و بڕیاریدا ئەم هاوکاریە دارییە ساڵانە بەردەوام بێت. سەرئەنجام لە دوای چەند ساڵێک ئەردەن گەڕایەوە بۆ کوتلەی ڕۆژئاوا (**قرني و حمودة**، 2004: 77).

باش بوونی پەیوەندیەکانی سوریا و سۆڤیەت و بەستنی هاوپەیمانی سەربازی و ئابووری لە ساڵی (1957)، مەشقکردن بەسوپای سوریا لە لایەن ئەفسەرانی سۆڤیەت و ناردنی چەک و کەلوپەلی سەربازی ئەو وڵاتە بۆ سوریا و هەڕەشەکانیان بۆ سەر دەوڵەتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و گەشەکردنی بیری ناسری و شوعیەت لە سوریا، بوونە هۆی زیاد بوونی ترس لەلای دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی هێڵی گواستنەوەی نەوت لە عێراقەوە بۆ دەرەوە بەخاکی سوریادا تێپەردەبوو ئەمەش بە واتای کۆنترۆلکردنی ئەو هێڵە لەلایەن سۆڤیەتەوە (السبعاوي، 2013: 221 – 224)، لەبەرئەوە ئەمەریکا هەوڵی دا فشار بخاتە سەر دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی ئەو ترسە لە ساڵی (1957) (لوی ئەندرسون) یاریدەدەری جێگری وەزیری دەروەی ئەمەریکا سەردانی ناوچەکەی کرد، لەگەڵ سەرکردەی دەوڵەتانی عێراق و تورکیا و ئەردەن و لوبنان کۆبۆوە، لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا کە عێراق هێرش بکاتە سەر سوریا وە هەریەکە لە سێ دەوڵەتەکەی تر هەستن بە کۆکردنەوە و ئامادە باشی هێزی سەربازی لەسەر سنووری سوریا، وە ئەمەریکاش بەڵێنی پێدان بە هاوکاری سەربازی و دانەوەی هەموو ئەو زیانانەی کە لێیان دەکەوێ بەهۆی ئەم کارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا دەستیکرد بە خۆسازدانی سەربازی وەک گواستنەوەی فڕۆکە و کەلوپەلی سەربازی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا بۆ باشووری تورکیا، جوڵە پێکردنی کەشتی گەلی دەریایی شەشەمی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست. ئەمەش ترسی لای سۆڤیەت دروستکرد کە ببێتە هەڕەشە بۆ پەرژەوندیەکانی لە ناوچەکە، لەبەرئەوە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاگادارکردەوە کە ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و وەڵام دانەوەی سۆڤیەت (**عبدالعال**، 2003: 218 – 219).

دەرئەنجامی ئەوە وڵاتانی عەرەبی پاشگەز بوونەوە لە بڕیاری هێرشکردن بۆ سەر سوریا، عێراق ترسی لە تەقاندنەوەی هێڵی گواستنەوەی نەوتەکەی هەبوو لەلایەن سوریاوە کە بەخاکی ئەودا تێپەڕ دەبوو، هەرەیەکە لە ئەردەن و لوبنان بەهۆی فشارەکانی شەقامی عەرەبی پاشەکشەیان کرد، تەنها تورکیا مایەوە کە (50) هەزار سەربازی هێنایە سەر سنوور بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر سوریا، بەڵام سۆڤیەت هەڕەشەی بەکارهێنانی موشەکی ئەتۆمی کرد ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر سوریا، داوی کشانەوەی ئەو هێزانەی کرد لە سەر سنووری سوریا، سەرەڕای ئەوە دەستیکرد بەجوڵە پێکردنی کەشتیە جەنگیەکانی بۆ مینای لازقیە، سەرباری ئەنجامدانی نمایشێکی دەریای لە دەریایی ڕەش، لە بەرامبەردا ئەمەریکا ڕایگەیاندا هێرشێکردن بۆسەر تورکیا هێرشکردنە بۆ سەر ئەمەریکا، لەکاتی هێرشی سۆڤیەت بۆسەر تورکیا ئەو بە هێرش کردنە سەرخاکی سۆڤیەت وەڵامی دەداتەوە. بۆیە هەردوو لا کێشەکەیان بردە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبەرامبەر ئەو پێشهاتانە و پاشگەز بوونەوەی وڵاتانی عەرەبی و هەڕەشەکانی سۆڤیەت هێزەکانی تورکیا لەسەر سنوور کشانەوە بەمەش کێشەی هێرشکردن بۆ سەر سوریا کۆتایهات (**بن الصادق**، 2017: 97 – 100).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پاش ئەم ڕووداوانە لە ناوچەکە کێشەی لوبنان سەری هەڵدا، بەهۆی کێشەی کەناڵی سوێس پەیوەندی نێوان میسر و لوبنان تێکچوو، سەرۆکی ئەم وڵاتە (کامیل شمعون) کە بە لایەنگری ڕۆژئاوا ناسراوە، یەکێتی سۆڤیەتی بە هەڕەشە و قبولکردنی پڕۆژەی ئایزنهاوەر و هاوکاریەکانی ڕۆژئاوای بەکارێکی پێویست دەزانی، ڕەتیکردەوە کە پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا بپچڕێنێت، لەگەڵ ئەمەش لە ناوخۆی لوبنان کێشە لەنێوان حکومەت کە لایەنگری ڕۆژئاوابوو لەگەڵ کۆمەڵە هێزێک کە لایەنگری نەتەوەی عەرەبی بوون هەبوو، سەربارى ئەوە زۆربەی مسوڵمانەکان لایەنگری نەتەوەی عەرەبی و ناسری بوون، لەکاتێکدا زۆرینەی مەسیحیەکان لایەنگری ڕۆژئاوا بوون، ئەو کێشەیە گەورەتر بوو کاتێک سەرۆکی لوبنان کامیل شمعون کە مەسیحیەکان پشتگیریان دەکرد ڕایگەیاند کە گۆڕانکاری لە دەستوری ساڵی (1947) لوبناندا دەکات بەمەبەستی ڕێگەدان بەخۆهەڵبژاردنەوە بۆ سەرۆکی وڵات (Seale, 1966: 290)، لەگەڵ ئەمەش کامیل شمعون لە (16 / ئازار / 1957) بەیاننامەی هاوبەشی نێوان حکومەتی لوبنان و ئەمەریکای بڵاوکردەوە کە لوبنان چووە پاڵ پڕۆژەی ئایزنهاوەر و قبوڵی کرد، بەڵام ئەمە لە لایەن مسوڵمانەکان ڕەتکرایەوە، سەربارى ئەمە میسر و سوریاش بڕیاریاندا بە شێوەی سیاسی و سەربازی هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی لوبنان بکەن، بۆ ئەو مەبەستە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ساڵی (1958) لە سوریا کۆبوونەوە و ڕایانگەیان کە دژی هەرگۆڕانکاریەکن کە لە دەستوری ساڵی (1947) دا بکرێت. ئەمەش هەنگاوەکانی شەڕی ناوخۆی زیاتر کرد بووە هۆی پێکدادانی سەربازی لە نێوان سوپای لوبنان و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن **(محافظة،** 2011: 175).

ئەم کارانە ترسی لای ئەمەریکا دروست کرد, کە میسر و سوریا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر لوبناندا بسەپێنن، لەبەر ئەمە دەستیکرد بە یارمەتیدانی کامیل شمعون لەپێدانی یارمەتی سەربازی و دارایی، هێزی سەربازی ئەمەریکی چونە ناو لوبنان، بە مەبەستی دژایەتی کردنی شوعیەت و میسر و سوریا، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاری دا بەجێگیر کردنی کەشتی گەلی شەشەمی ئەمەریکی لە کەنارە ئاویەکانی لوبنان، لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤیەت ڕایگەیاند کە ئەم کارەی ئەمەریکا داگیرکاری ئاشکرای لبنانە و داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای کرد ئەرگەر نا بەهەمان شێوە هێرش دەکاتە سەر وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، سەرئەنجام ئەم کێشەیە چووە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاریدا کە هێزەکانی ئەمەریکا لە لوبنان بکێشێنەوە، لە (25 / تشرینی یەکەم / 1958) هێزەکانی ئەمەریکا کشانەوە، پاشان سەرۆکی ئەمەریکا ئایزنهاوەر نێردەی تایبەتی خۆی ناردە لوبنان بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی مامناوەندی لە نێوان لایەنە نەیارەکان، بۆئەو مەبەستە دەستکرا بە گفتوگۆکردن لە نێوان (کامیل شمعون و لایەنی ئۆپۆزسیۆن)، بەوەش شمعون پاشەکشەی کرد لە خۆهەلبژاردن بۆ سەرۆکی وڵات، هەموو لایەنەکان گەیشتنە ڕێکەوتنێک کە (فوئاد شهاب) سەرۆکی سوپای لبنان ببێتە سەرۆکی وڵات، چونکە ئەم کەسە لە کاتی کێشەکانی ناو لوبنان دوورە پەرێز بووە و لایەنگری هیچ کام لە لایەنەکانی نەکردووە، هەروەها بڕیاردرا یەکێک لە لایەنی ئۆپۆزسیۆن ببێت بە سەرۆک وەزیران بەم جۆرە ئەم کێشەیە لە کۆتایی ساڵی (1958) کۆتایی هات **(بریسون،** 1985: 524 – 529).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ئەم ناكۆكیە بەهێزەی لەنێوان ئەمەریكا و هاوپەیمانەكانی لەگەڵ سۆڤیەت و هاوپەیمانەكانی هەیانبوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وە ئەو بۆشاییەی كە لە ناوچەكەدا دروست ببوو لە پاش كشانەوەی بەریتانیا و فەرەنسا، هەوڵدرا لە ڕێگەی پرۆژەی ئایزنهاوەر پڕبكرێتەوە، بەڵام ئەو پرۆژەیە نەیتوانی سەركەوتوو بێ، چونكە بووە هۆی بەریەك كەوتنێكی بەهێزی ئەو دوو لایەنە بەجۆرێك لە چەندین ناوچە هەوڵی بەكارهێنان و دەست خستنە ناو كاروباری ئەو وڵاتانە درا لە ڕێگەی هێزی سەربازیەوە، وێڕای ئەوەی پرۆژەی ئایزنهاوەر كە داوای بەكارهێنانی هێزی سەربازی دەكرد بۆ پاراستنی بەرژەوندیەكانی ڕۆژئاوا و لە ناوبردنی شوعیەت و بیری ناسری و قەومی عەرەبی، بەڵام پرۆژەكە جۆرێك لە زیادەڕۆیی پێوە دیار بوو بەرامبەر بە مەترسیەكانی شوعیەت كە وایان دانابوو دروست بوونی مەترسی بۆسەر بەرژەوەندیەكانی ئەمەریكا و هاوپەیمانانی لە ڕێگەی شوعیەت و سۆڤیەتەوە دەبێت، لە كاتێكدا لە ناوچەكەدا چەندین ڕەوت و تەیاری تری وەك ناسری و نەتەوەخوازی و بەعسیزم سەری هەڵدابوو، ئەمانە لەگەڵ بیری شوعیەت نەدەگونجان، سەرئەنجامی ئەمانە بارودۆخی ناوچەكە بەرەو خراپی چوو، چەندین كێشەی سەربازی و ئابووری و كۆمەڵایەتی سەری هەڵدا، دەوڵەتانی ناكۆك كەوتنە بەستنی هاوپەیمانی و پێشكەش كردنی هاوكاری سەربازی و دارایی بە دەوڵەتانی ناوچەكە بۆ ئەوەی بتوانن بەرامبەر بەیەك ڕابوەستن و بەرژەوەندیەكانی خۆیان بپارێزن، ئەوە سەرەڕای ناكۆكی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ یەكتری، دەستیانكرد بە یەكگرتن و دروستكردنی چەند یەكێتیەكی هاوبەش و دژ بەیەك، لەپاڵ ناكۆكی سەركردەكانی عەرب لەگەڵ یەكتری و ترسی زاڵبوون و سەپاندی هەژموونی یەكێك بەسەر ئەوی تردا، كێشەكانی زیاتركرد و یارمەتی وڵاتانی دەرەوەی دا بۆ زیاتر دەست خستنە ناو دەوڵەتانی ناوچەكە لە دژی یەكتری، كە ئەمەش جگە لەزیان گەیاندن و دواخستنی ناوچەكە و پاشكۆیەتی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ سیاسسەتی ئەو وڵاتانە و دروست بوونی شەڕ و سەرهەڵدانی كودەتا بۆ گۆڕینی دەسەڵات و ڕژێمی بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی، لە پاڵ مانەوەی چەند دەسەڵات دارێكی عەرەبی لە فەرمانڕەوایەتی دا بۆ ماوەیەكی زۆر، هیچی تری لێ بەرهەم نەهات.

## باسی سێیەم: هەڵوێستی یەكێتی سۆڤیەت بەرامبەر پرەنسیپی ئایزنهاوەر

پرەنسیپی ئایزنهاوەر, كە لەماوەی جەنگی سارد بەئاكام گەیشت, دژایەتیكردنی سۆڤیەت بنەمایەكی سەرەكی بوو، بەتایبەتی جەختی لەسەر وەستاندنی هەژمونی سۆڤیەت وڕێگری لەبڵاوبونەوەی بیری شویعیەت دەكرد لەرۆژهەلاتی ناوەراست، هەربۆیە شتێكی ئاسایی بوو, كە یەكێتی سۆڤیەت بەتوندی لەدژی ئەم پرەنسیپە بوەستێتەوە و هەوڵبدات هاوپەیمانەكانیشی لەدژی ئەم پرۆژەیە هانبدات.

دوای ڕاگەیاندنی ئەم پرەنسیپە, یەكێتی سۆڤیەت لەراگەیانراوێكدا ئاشكرای كرد, كە بنەمای ئایزنهاورە زیندوكردنەوەی داگیركاری كۆنە و كارێكی دوژمنكارنەیە، رەخنەی ئەوەی لە ئەمریكا گرت, كە پەنای بردووە بۆزالكردنی سیاسەتی تاكلایەنە و هەمان ئەزمونی هێرشی سێ قۆلی سالّی (١٩٥٦) دوبارەكردۆتەوە **(مقلد, ١٩٨٦: ١٤٩)**.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

سەربارى وەسفكردنى ئەم پرەنسيپەى بەهەوڵێكى داگيركارى تاكلايەنەى ئەمريكى بۆ كۆنترۆلكردنى ڕۆژهەلاتى ناوەڕاست و هەڕەشەكردن لەسۆڤيەت، لەژێر پەردەى ڕێگريكردن لەبڵاوبونەوەى مەترسى شيوعيەت **(بدون المؤلف**, 1977: 45**)**.

سەرەڕاى ئەوەش, (نيكيتا خرۆشۆف ١٩٥٣-١٩٦٦)[1]ى سەرۆكى سۆڤيەت لەبەردەم پەرلەمانى سۆڤيەت دوپاتيكردەوە, كە بەڵگەنەويستە هيچ بۆشاييەكى سياسى وئەمنى لە ڕۆژهەڵاتى ناوەراستدا بونى نيەو تيۆرى هەبونى بۆشايى لەڕۆژهەڵاتى ناوەراست بە دەستكردى ئەمريكا لەقەڵەمدا، زياتر لەوەش ئەم تيۆرەى بە ئاراستەى نەهێشتنى سەربەخۆيى گەلى عەرەب ناساند، كە ئامانج ليێ دانانى كۆت وبەندى نوێى ئەمريكايە بۆكۆنترۆڵكردن و جێگرتنەوەى داگيركارى بەريتانيا وفەرەنسيەكان لەناوچەكەدا **(بدون المؤلف**, 1977: ٤٦**)**، تەنانەت يەكێتى سۆڤيەت سەردانى نێردراوى ئەمريكى (جيمس ريچارد)ى لە (١٢ / كانونى دووەم / ١٩٥٧)ى بۆوڵاتانى ڕۆژهەڵاتى ناوەراستى بە يەكێك لەهەوڵەكانى ئەمريكا ئەژماركرد بۆكۆنترۆلكردنى ئەم ناوچە ستراتيجيە **(مخيبر**، 2005: 135**)**.

لەلايەكى تر ئاژانسى (تاس)ى سۆڤيەتى لە بەياننامەى (١٣ / كانوونى دووەم / ١٩٥٧), ئاماژەى بەوەدا گە پرەنسيپى ئايزنهاوەر, پێچەوانەى پرەنسيپ و ئامانجەكانى نەتەوەيەكگرتووەكانەو هەرەشەيەكى كاريگەرە بۆسەر ئاشتى و ئاسايشى ڕۆژهەلاتى ناوەراست، تەنانەت دەق و ناوەرۆكى ڕەشنوسى ئەم پرەنسيپە بۆنى شەڕى لێديت، ئەمە جگەلەوەى ئەم پرەنسيپە لەلايەن ناوەندى بڕيارى سۆڤيەت و دامەزراوەكانى ترى سۆڤيتەوە بەتوندى دژايەتى كرا، بەتايبەتى ئەو خالەى كە باس لەبەكارهينانى هێزى سەربازى ئەمريكى دەكات لەڕۆژهەلاتى ناوەراست، بۆيە ئەم پرۆژەيان بە شێوازێكى تازە و داگيركاريەكى نوێى ڕۆژهەلاتى ناوەڕاست دانا **(العلواني**, ٢٠١٦: ١٢٠**)**.

لەگەڵ ئەمەش يەكێتى سۆڤيەت هەر بە دژايەتى كردنى پرەنسيبەكانى ئايزەنهاوەر لە ناوخۆ ڕانەوەستا، بەڵكو لەدەرەوەش كەوتە دژايەتى كردنى، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵمەتێكى بانگەشەى دژايەتيكردنى ئەم پرەنسيپە لەناو دەوڵەتانى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست دەستپێكرد، بۆئەوەى ئەو دەوڵەتانە دژايەتى ئەم پرۆژەيە بكەن, يان لانى كەم پشتگيرى نەكەن، زياتر لەوەش سۆڤيەت لە (شوباتى ١٩٥٧) داوايەكى پيشكەش بە كۆمەڵەى گشتى نەتەوەيەكگرتووەگان كرد بۆ گفتوگۆكردن لەسەر پرەنسيپى ئايزنهاوەر, بەو پێيەى هەرەشەيە لەسەر ئاشتى جيهانى **(منصور**,1996: ٤22**)**. بەبۆچونى خرۆشۆف سەرۆكى يەكێتى سۆڤيەت (١٨٩٤ – ١٩٧١), پرەنسيپى ئايزنهاوەر دەرخستنى ڕووى راستەقينەى ديبلۆماسيەتى ئيزديواجى ئەمريكايە كە مومارەسەى دەكات لەڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست، كە پێيوايە ئەم پرەنسيپە لەژێركاريگەرى و پاراستنى بەرژەوەنديەكانى بەريتانيا و فەرەنسا و كيانى سەهيۆنى و فريودانى ڕاى گشتى عەرەبى دەركراوە، بۆيە بۆچونى وابوو, كە پێويستە ئەم پرەنسيپە لەكاربخرێت و كارى

---

[1] لەساڵى (1894) لەناوچەى كورسيكارى ئۆكرانيا لەدايكبووەو لەساڵى (1918) پەيوەندى بەريزەكانى حيزبى شيوعى سۆڤيەتى يەوە كردووەو سالى (1939) بۆتە ئەندامى مەكتەبى سياسى ئەم حيزبە، لەسالى(1949) بۆتە يەكێك لە ئەندامانى ليژنەى مەركەزى و لەساڵانى (١٩٥٣-١٩٦٤) سەرۆكى يەكێتى سۆڤيەت بووە.

بۆزانيارى زياتر بڕوانە: **(مجموعة المؤلفين**, 1992: 79 - 83**)**.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

پێنەکرێت, چونکە تەنها خزمەتی بەرژوەندی داگیرکاری دەکات (مخيبر، 2005: 135)، لەلایەکی تر هەوڵێکی تری یەکێتی سۆڤیەت بۆدژایەتیکردنی پرەنسیپی ئایزنهاوەر, پێشکەشکردنی پرۆژەیەک بوو, بە ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا, بەئامانجی ڕێگری لە تێخزین و سەپاندنی هەژمونیان بەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وزەوتکردنی ئیرادەیان (اللهيبي، 2012: 89). لەبەر ئەمە داوای چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە و بەدیهێنانی ئاشتی و ڕێگریکردن لە دەست خستنە ناو دەوڵەتانی ناوچەکە بەڕێگەی سەربازی دەکردەوە (مخيبر، 2005: 135)، جگە لە لابردنی بنکەی سەربازی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و کشاندنەوەی هێزە دەرەکیەکان و هۆشداریدان لەناردنی چەک بۆ ناوچەکە (منصور, 1996: 223) .

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم پرۆژەیەی سۆڤیەت, دوپاتی ڕۆڵی ئەم دەوڵەتەیە, وەک زلهێزێک لەناوچەکە, لەهەبونی مافی بەشداری لەبڕیاردان لەدۆخی ناوچەکە و دووبارە بیرخستنەوەی دوو جەمسەری ئەمریکا و سۆڤیەت نیشان دەدات، بەوەی هیچ یەکێک لەجەمسەرەکان ناتوانێت بەبێ پرسی ئەوەکەی تر بڕیاری تاکلایەنە لەسەر چارەنوسی دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بدات (منصور, 1996: ٢٢٣-22٤)، بەڵام ئەم پرۆژەیەی یەکێتی سۆڤیەت ڕەتکرایەوە و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ڕازینەبون بەنەهیشتنی و بەکارهینانی هێز لەکیشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، بێگومان ئەم ڕازینەبونەش هەوڵی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی بوو, بۆ پاراستنی بەرژوەندییە سیاسی و ئابووریەکانیان لەناوچەکە و ڕێگریکردن لەهەبونی هەرهێزێکی تر لەم ناوچەیە (خضير, 2014: 418).

کاتێکیش کە کۆبونەوەی ئەمریکا و بەریتانیا لەدورگەی (بەرمۆدە) لە (ئاداری ١٩٥٧) بەستراوگفتوگۆی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەنجامدرا, لەبەرامبەردا یەکێتی سۆڤیەت لە (نیسانی ١٩٥٧), لە بەیانێکدا، دژایەتی ئەم کۆبونەوەی ڕاگەیاند و ئەمریکا و بەریتانیاو فەرەنسای تۆمەتبارکرد, بەدوبارە زیندوکردنەوەی داگیرکاری کۆن (العلواني, ٢٠١٦: ١٣٢)، سەربارى ڕاگەیاندنی هاوپەیمانی هاوبەشی نێوان سۆڤیەت و چین و وەرگرتنی هەڵوێست لەدژی سیاسەتی ئەمریکا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئامادەیی پێشکەشکردنی هاوکاری و پاراستنی ئەووڵاتانی لەدژی پرەنسیپی ئایزنهاوەرن, کە دوای هەوڵی سۆڤیەت بوو, بەئاراستەی دژایەتیکردنی پرەنسیپی ئایزنهاوەر (اللهيبي، 2012: 89). لەکۆتایدا هەموو هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ ڕاگرتنی پرەنسیپی ئایزنهاوەر, بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێگا ستراتیژیەکان و بێبەش نەبوونی لە سامانی سروشتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ئەنجام

لە کۆتایی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ – پڕۆژەی ئایزنهاوەر لە دەرئەنجامی بارودۆخی سیاسی لە دەوڵەتانی عەرەبی، دروست بوونی بۆشای لە ناوچەکە لە دوای هێرشی سێ قۆڵی بۆسەر میسر لە ساڵی (1956)، بونی جەنگی سارد و دوو جەمسەری لە نێوان کوتلەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سەری هەڵدا، بە پێی ئەم پرۆژەیە ئەمەریکا هەوڵی دا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هێز و دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا و بەهێزکردنی پێگەیان لە ناوچەکە، سەرباری ڕێگە گرتن لە سۆڤیەت و خزینی بۆ ناوچەکە لە ڕێگەی چەندین هۆکارەوە.

٢ – ستراتیجی پڕۆژەی ئایزنهاوەر لەو خاڵەوە سەرچاوەی دەگرێت کە هەوڵدەدات ئاسایشی نشتیمانی و هەژموونی سیاسی، سەربازی، ئابووری، کلتوری و باڵادەستی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بپارێزێت، ڕێگە بەهیچ دەوڵەتێکی تر نەدات، کە کێبڕکێی بکات و مەترسی بۆسەر بەرژەوەندیەکانی دروست بکات و ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش هەموو میکانزمێکی سیاسی و سەربازی ئابووری گرتەبەر بە ئامانجی ڕاکێشانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانیەتی و پێشکەشکردنی هاوکاری و پشتگیری دارایی و سەربازی کە ئەمەش گۆڕانکاری تەواوی لە ناوچەکەدا هێنایە کایەوە.

٣ – گرنگی دانی ئەمەریکا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەکارهێنانی کێشەی کەناڵی سوێس بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و ڕێگەگرتن لەهاتنە ناوەی سۆڤیەت بۆ ناوچەکە بوو، بەڵام نەگونجانی ئەمەریکا لەگەڵ بیری نەتەوەخوازی عەرەبی و ناسری وە پاڵ دانیان بەلای سۆڤیەت، ناکۆکی و جێ بەجێ کردنی سیاسەت و پڕۆژەکانیان لە ناوچەکە، بووە هۆی دروست بوونی چەندین کێشەی گەورە و دابەشبوونی دەوڵەتانی عەرەبی بەسەر کوتلەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بە پێدانی هاوکاری سەربازی و دارایی و دەستخستنە ناوەیی دەوڵەتەکانیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، سەرباری سەرهەڵدانی کودەتا و گۆڕینی ڕژێمی سیاسی و دژایەتی و ناکۆکی یەکتری، تەشەنەکردنی بیری و تەوژمی توندرەوی. لە کاتێکدا چەند بنەماڵەیەک لە دەوڵەتانی عەرەبی هەبوون کە لە بیری نەتەوەخوازی و ناسری بۆ سەر بەرژەوەندیەکان دەترسان، کە ببنە هۆی نەمان و ڕوخاندنیان، سەرئەنجام باردۆخی ناوچەکە لە گشت لایەکەوە بەرە و داواکەوتویی و خراپی چوو پڕۆژەی ئایزنهاوەریشی لە دەوڵەتەکانی (ئەردەن و سوریا و لوبنان) توشی شکست کرد. لەکۆتایدا یەکێتی سۆڤیەت بەتوندی دژایەتی ئەم پرەنسیپەی کرد و ناوەندە سیاسیەکانی سۆڤیەت لەناوەوە و دەرەوەی هەموو ڕێگا دیبۆماسیەکانیا تاقیکردەوە, بەئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەم پرەنسیپە, چونکە بەجۆرێک لە داگیرکرای نوێیان هەژمار دەکرد و ڕێگری سەرەکیش بوو بۆ گەیشتنی سۆڤیەت بە ناوچە ستراتیژیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# The Eisenhawer Doctrine (1957): The impact on Arabic Countries and The Soviet Union Attitude

**Harem Hasan Ahmad**

Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** haremranya58@uor.edu.krd

**Ribwar Khalid Mustafa**

Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** krebwar@uor.edu.krd

**Ibrahim Ali Salim**

Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** ibrahimali@uor.edu.krd

**Abstract:**

Following the end of World War II, and emerging of a vacuum after the withdrawal of British and French forces from some of the Middle East countries in the region, creating fear in Western countries, particularly the United States, that the Eastern Bloc, in particular Russia, would seek to fill the vacuum and spread the idea of leftism and communism in the region. For this reason, the United States has made every effort to confront the idea of communism and establish a foothold in the region among its policies. To this end, then US President Harry Truman announced his country's new policy in the context of the Truman project on the Middle East in (1945). Following Harry Truman, when Eisenhower assumed power as the new US president in (1953), he put forward the new policy of his country named Eisenhower's Dwight in Congress in order to confront Russian politics and infiltrate communist thought in the area. There were several items in his project that



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

emphasized the cooperation of Middle Eastern countries, especially in the economic and military fields.

The Eisenhower's Dwight has had a variety of reactions from countries in the region, especially Arab countries. Some have accepted it from the very beginning. Some also expressed opposition to the project. There were also countries that initially opposed the Eisenhower project, but after a period of time following US efforts and pressure, eventually endorsed the project and became a fan of the US. As a result of these political divisions in the region, several political and military alliances between the countries of the Middle East Were formed. The idea of Nasser and the idea of Arab nationalism come to life at this time. Although originally favored by the Eastern Bloc, especially Russia, it also partially weakened the notion of communism and was about to cause tension between proponents of these two ideas. This situation had nothing in fact to do other than destabilizing the political state and the occurrence of several coups in order to change the regime of some of Middle Eastern countries, besides the long sovereignty of some Arab rulers.Regarding the Soveit Union attitude towards the Eisenhower's doctrine, it can be seen that,the Soveit Union ctitisized by the Soviet authorities from internal and external the SoveitUnbion.For instance the The Soveit Union attempted to gain extermal allies among the Middle Middle Eastren countries to convince them this doctrine is a part previous imperliams that supported by Westren countries.Finally,in the United Nation,The Soveit attempted to make a campaign to remove this doctrine as it mention a therat of world peace.

**KeyWords:** Middle East, Eisenhower, Arabic Countries, The Soviet Union Attitude.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، سامان حوسين، 2012، زلهێزەكان، چاپخانەی موكريانى، هەولێر.

سەبعاوى، عەونى عبدالرحمن، 2010، مێژووى ئەمەريكا (نوێ و هاوچەرخ) و: د. محمد عبدالله كاكە سور، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

لاوەند، ڕەمەزان، 2007، جەنگى جيهانى دووەم، و: سەفين لاوچاك، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانى.

البيضانى، ابراهيم سعيد، 2003، ابحاث في السياسة الامريكية تجاه المشرق العربى بعد الحرب العالمية الثانية، مركز الدراسات الاستراتيجية، بغداد.

السبعاوي، فهد عباس، 2013، العلاقات السورية الامريكية (1949 – 1958)، دار غيداء للنشر والتوزيع، دمشق.

الضيفي، ميثاق بيات، 2011، السياسة الامريكية تجاه إسرائيل في إدارة الرئيس دوايت إيزنهاور ( 1953 - 1961)، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان.

العدول، جاسم محمد حسين و آخرون، 1986، تأريخ الوطن العربي المعاصر، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل.

العلواني, ايدا طارق, 2016, سياسة الاتحاد السوفيتي الخارجية 1956 - 1964, دار سرمد للنشر, السليمانية.

الكمكى، يحيى احمد،1986، الشرق الاوسط و الصراع الدولي، دار النهضة العربية، بيروت.

الكيالي، عبدالوهاب، 1974، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

النعيمي، احمد نورى، 1970، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد.

ايزنهاور، دوايت، 1965، مذكرات ايزنهاور، ترجمة: هيوبرت يو نعمان، دار احيا التراث العربي، بيروت.

بدون المولف, 1977, الاتحاد السوفيتى والشرق الاوسط مشاكل السلام و الامن 1956-1971, دارالتقدم, موسكو.

بريسون، توماس، 1985، العلاقات الديبلوماسية الامريكية مع الشرق الاوسط (1784 – 1975)، دار طلاس للدراسات، دمشق.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper13 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

راثميل، أندرو، 1997، الحرب الخفية في الشرق الأوسط (1949 – 1961)، ترجمة: عبد الكريم محفوض، دار سلمية للكتاب، بدون مكان الطبع.

زور غبيب، شارل، 1978، سياسة الكبار في البحر الابيض المتوسط، ترجمة: خضر خضر، توزيع جروس – برس، بيروت.

عبداللهيبي, اديب صالح, 2012, العلاقات السورية - السوفيتية 1946- 1964, دار الغيدان للنشر والتوزيع, عمان.

عبدالله، إيناس سعدي، 2010، السياسة الامريكية ودورها في مواجهة المد الشيوعي في أوروبا (1945-1950)، أشوربانيبال للكتاب، بغداد.

قرني، بهجت و حمودة، عبدالعزيز، 2004، صناعة الكراهية في العلاقات العربية الامريكية، ط2 ، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

كالرك و آخرون، رامز، 2001، الامبراطورية الامريكية، الجزء الأول، مكتبة الشروق، القاهرة.

مجموعة المؤلفين, 1992, النار و الجليد الامبراطورية الحمراء من المهد الى اللحد 1917- 1992, دار الحسام, بيروت.

محافظة، علي، 2011، بريطانيا والوحدة العربية ( 1945 – 2005)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

مقلد، اسماعيل صبري، 1985، الاستراتيجية و السياسة الدولية، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت.

مقلد، اسماعيل صبري، 1986، الصراع الامريكي - السوفيتي حول الشرق الاوسط، منشورات ذات السلاسل، الكويت.

منصور، ممدوح محمود، 1996، الصراع الامريكي - السوفيتي في الشرق الاوسط، مكتبة مدبولي، قاهيرة.

نعمان الدوري، اسامة عبدالرحمن، 2003، زيارة الملك الحسين بن طلال الى الولايات المتحدة الامريكية عام 1959 صفحة جديدة من العلاقات الاردنية – الامريكية، جامعة الحسين بن طلال، بحوث مؤتمر (دراسات فكر الحسين بن طلال و تراثه)، عمان.

بن الصادق، جمال، 2017، الدور السوفياتي في الشرق الأوسط ما بين الفترة (1945 – 1991)، رسالة الماجستير، قدم ألى مجلس كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية، جامعة محمد خيضر بسكرة.

ذيب مليحة، نبيلة محمود، 2012، السياسة الامريكية تجاه ايران (1945- 1981)، رسالة الماجستير، قدم ألى مجلس كلية الآداب، جامعة الإسلامية، غزة.
مخيبر، شيماء فاضل, 2005, العلاقات السورية - السوفيتية 1946-1961, اطرحة دكتورا غير منشورة، جامعة بغداد, بغداد.

خضير, كريم حيدر, 2011, موقف العراق من التدخلات الدولية 1956-1958, مجلة الاستاذ، مجلد الاول, عدد 210, بغداد.

رديف طالب، محمد عماد، 2011، أثر مبدأ أيزنهاور على العلاقات السورية الآردنية (1957 – 1976)، مجلة (أداب الفراهيدي)، العدد (8).

صلواتى، ياسين، 2001، مؤسسة التاريخ العربي، الموسوعة العربية الميسرة و الموسعة، الجزء الخامس، بيروت.

عبدالعال، سيد محمد، 2003، الموقف السوفياتي من مشروع إيزنهاور (1957 - 1958)، مجلة (كلية الأداب)، عدد (13).

Laqueur, W., 1970. the Struggle for the Middle East: the Soviet union and the Middle East 1958 – 1968 London.

Olson, M., 2016. Dwight D. Eisenhower and the Suez Crisis of 1956, …., BA in history, he will begin work on an MA in history at the University of Missouri.

Reeves, T C., 2000. Twentieth-Century America, A brief history, NewYork.

Seale, P., 1966. The Struggle for Syria: A study of post war Arab politics, (1945 – 1958), Oxford.

Smit, LB., 1971. Responses to The Eisenhower Doctrine in The Middle East: An Analysis of a Status quo Policy, Submitted to the Faculty of the Graduate College of the Oklahoma State University in partial fulfillment of the requirements for the Degree of Master of Arts.